# حەرامكراوەكان

شیعری : ئیبراهیم هەورامانی
Hawramani11@yahoo.com

دەستەكانمان دەبڕنەوە
تا تامی تەوقەكردنێک نەكەن .
لێوەكانمان ژەهراوی دەكەن
تا تامی ماچێكی گەیوو نەكەن .
لەتەمووزدا .....
دیدارێكی سێبەرمان لیَ بێبەری دەكەن .
لە كانوون دا ....
لەتۆزقالیَ گەرمایی دەمان تۆرێنن .
لەنیوەشەدا
ئاماژە بەمانگ دەكەن و
پێمان دەلێن ....
نان بە حەواوەیە
ئێوەش عەودالی نانن .
لەباخچەكان دا
ئاماژە بەگوڵە باغەكان دەكەن و
پێمان دەلێن
ئێوە عاشقی گولن
گولاَنیش بە دركەكان تەنراون .
ئێمە دەلێین
ئاوو
ئەوان دەلێن

بەتبەختینە ووشکە ساڵی یە .
ئێمە دەڵێین
نان
ئەوان دەڵێن
بەتبەختینە ساڵ ،ساڵی گرانی یە .
ئێمە دەڵێین
پشوو ..
دەڵێین
ئاشتی .
ئەوان دەڵێن .
جەنگە پیاوانی وولات
وولات چاوی لە ئێوەیە .
وولاتی ئێمە
پارچەیەکە لە کانزا
لەسەرچاوەی ژیان .
نەک بۆ ئێمە
بۆ ئەوان ..
وولاتی ئێمە
سەرتاپا جەننەتە .
نەک بۆ ئێمە
بۆ ئەوان .
مەعشوقانی ئەم وەتەنە کێن ؟
ئێمەین ..نەک ئەوان .
خاوەنی ئەم وەتەنە کێن ؟
ئێمەین ...نەک ئەوان ؟

***** ***** *****

رۆژێک دادیَ

دێنەوە .
بێ هەست کردن بەغەریبی
بێ ئەووەی جارێکی دی
خۆر بتۆرێ
نان بزربێ
لەنێو لانکەی وەتەنا
چی ووشەی
حەرامکراوو هەبوو
چی سیمای خۆش نەدیدەیی هەبوو
دەیسرنەوە
رۆژێک دادێ
ئەم وولاتە .
بەووڵاتی خۆمان
دەکەینەوە .

............................................................
..............................................
....................

# خۆش دیدەی